# المعتقدات الإيزيدية - من منظور شرف خان ومصادر غير الكردية

م.م. احمد عبدالرحمن احمد
مدرس مساعد في جامعة سوران –فاكلتى اداب-قسم التاريخ
ahmed.ahmed@soran.edu.iq

م.م. سامان عثمان عالى
Saman.alee@soran.edu.iq
مدرس مساعد في جامعة سوران –فاكلتى اداب-قسم التاريخ

ديار ماهر طاهر
باحث
Diyarmahir8@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: ايزيدي– تاريخ– معتقد– كردي– عدي كوري موسافري

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , احمد عبدالرحمن, سامان عثمان عالى , ديار ماهر طاهر , المعتقدات الإيزيدية – من منظور شرف خان ومصادر غير الكردية ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ , العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# The Yazidi belief, from the perspective of Sharafkhan and non-Kurdish sources

**Ahmed abdulrahmn ahmed**
**Teacher in the Faculty of Arts -Soran University- History Department**
**ahmed.ahmed@soran.edu.iq**

**Saman Othman Alee**
**Teacher in the Faculty of Arts -Soran University- History Department**
**Saman.alee@soran.edu.iq**

**Diyar Mahir Tahir**
**Diyarmahir8@gmail.com**
**Researcher**

**Keywords** : Yezidi- History- Belief- Kurd-Adi Kuri Musafri

**How To Cite This Article**
Ahmed , Ahmed abdulrahmn , Saman Othman Alee , Diyar Mahir Tahir The Yazidi belief, from the perspective of Sharafkhan and non-Kurdish sources ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The Yazidi belief, from the perspective of Sharafkhan and non-Kurdish sources, is one of the religious beliefs that a Kurdish identity has adopted. Some historians and researchers trace the foundation of Kurdish identity back to this religion. However, Sharafkhan, the Kurdish

historian, clearly referenced this social group as a distinct religious community within Kurdish society, identifying it as having a Sufi-oriented foundation.

Although there are many debates and disputes among researchers and historians of both the medieval and modern periods about the origins of this religion and the time it dates back to—most of them, or we might say the majority of researchers, historians, and even the Yazidis themselves—trace it back to the figure of Sheikh Adi (Adi, son of Musafir), who passed away in the year 557 AH / 1162 CE. However, some researchers and historians do not accept this view shared by Sharafkhan and others, instead tracing the religion back to an even earlier period .

Here, we attempt to present both Sharafkhan's historical viewpoint and those of some medieval historians, and on the other hand, perspectives of external historians regarding the Yazidi faith, as well as the different interpretations and pressures this religion has faced.

In this article, beyond just an introduction, we present a summary of the Yazidi belief and, within the content of the study, discuss it across two main themes. In the first theme, we compare the Yazidi belief in Sharafkhan's view with that in Islamic sources, highlighting the core similarities and differences. In the second theme, we present the differing interpretations between Sharafkhan and non-Kurdish sources regarding the Yazidi faith. In conclusion, history has often been written on an incorrect basis, without expertise regarding society, religion, and their effects, and has been imposed on our historical consciousness—an influence that even many prominent Kurdish intellectuals and historians have fallen under.

**الملخص**

إن المعتقدات الإيزيدية - حسب ما ذهب إليه شرفخان ومصادر غير كردية، فإن هذه الديانة هي إحدى المعتقدات التي أخذت هوية كردية، وينسب بعض المؤرخين والباحثين المعتقدات الأساسية الكردية إلى هذه الديانة وهي التصوف. ولكن المؤرخ الكردي: شرفخان، قد تحدث بصورة ملخصة عن هذه المجموعة الاجتماعية، إذ هي عبارة عن ظاهرة دينية في المجتمع

الكردي وإن جذوره تعود إلى أسس تصوفية. وعلى الرغم من وجود جدل كبير بين الباحثين والمؤرخين في العصور الوسطى وكذلك الحديثة حول نشأة الدين والزمن الذي ظهر فيه، ورغم أن أغلبهم، أو يمكننا أن نقول أغلب الباحثين والمؤرخين، والإيزديون أنفسهم يعيدون جذورهم الدينية إلى شخصية الشيخ (عادي ابن مسافر) المتوفي سنة( ٥٥٧ للهجرة / ١١٦٢ للميلاد، لكن من جانب آخر، هناك بعض الباحثين، ومنهم المؤرخون الأجانب، يتجاهلون هذا الرأي لشرف خان وغيره من المؤرخين، بل ينسبون هذه الديانة إلى زمن أسبق من العصور الوسطى

ومن هنا نحاول أن نعرض آراء المؤرخ الكردي شرف خان مع آراء بعض المؤرخين في العصور الوسطى وغيرهم من المؤرخين الأجانب حول المعتقدات والضغوطات التي مورست على هذا الدين وتفسيراتهم المختلفة لهز

هذا، ففي هذه الدراسة، بالإضافة إلى التمهيد، عرضنا ملخصا حول المعتقد الإيزيدي، وفي محتوى الدراسة، سلطنا الضوء على مبحثين اثنين، ففي المبحث الأول، تناولنا مقارنة عن العقيدة الإيزدية بين شرفخان والمصادر الإسلامية وسلطنا الضوء على اختلاف الآراء واتفاقها بهذا الشأن، وفي المبحث الثاني، نعرض الرأي المختلف لكل من شرف خان والمصادر الأجنبية حول الديانة الإيزديةز

وأخيرا، فإن التاريخ غالبا ما يتم فرضه وفق أسس غير صحيحة ومن دون خبرة على أذهاننا التأريخية، وقد وقع كثير من النخب والمؤرخين الكرد تحت حكم من هذا النوع.

## باوڕی ئێزدی لەڕوانگەی شەرفخان و سەرچاوە نا کوردییەکان

١ -م.ی. احمد عبدالرحمن احمد
مامۆستا لە زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب- بەشی مێژوو
ahmed.ahmed@soran.edu.iq

٢ -م.ی. سامان عثمان عالی
مامۆستا لە زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب- بەشی مێژوو
Saman.alee@soran.edu.iq

٣-دیار ماهر طاهر
توێژەری سەربەخۆ
Diyarmahir8@gmail.com

**پوختە**

باوڕی ئێزدی لەڕوانگەی شەرفخان و سەرچاوە ناکوردییەکان-بیانیەکان، ئایینی ئێزدی یەکێکە لەو بیروباوەڕانەی شوناسێکی کوردی وەرگرتووە، بەشێک لە مێژوونووسان و توێژەران بیروباوەڕی بنچینەی کورد دەگەڕێننەوە بۆ سەر ئەم ئایینە، بەڵام شەرەفخانی مێژوو

نووسی کورد بەشێوەیەکی پوخت ئاماژەی بەم گروپە ئاینیە کۆمەڵایەتیە داوە، کە دیاریدەیەکی ئاینی ناو کۆمەڵگای کوردییە و ڕەگەکەی بناغەیەکی سۆفیگەرییە .

هەرچەندە مشت و مڕێکی زۆر لەلایەن توێژەران و مێژوو نووسانی قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و نوێ هەیە سەبارەت بە دەرکەوتنی ئاینیەکە و ئەو زەمەنەی بۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەر چی زۆربەی زۆر، یاخود دەتوانین بڵێن زۆربەی توەژەران و مێژوو نووسان و تەنانەت خودی ئێزدیەکانیش خۆیان بۆ سەرکەسایەتی شێخ ( عادی کوڕی مسافر) دەگێڕنەوە، کە لە ساڵی (٥٥٧ک/١١٦٢ز.) کۆچی دوایی کردووە، بەڵام هەندێ لە توێژەران بە مێژوو نووسانی بیانیشەوە ئەم ڕایەی شەرەفخان و مێژوو نووسانی تر بەهەند وەرناگرن، بەڵکو خودی ئایینەکە بۆ زەمەنی زووتر دەگەڕێننەوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بیروو بۆچوونی مێژوو نووسی کورد شەرەفخان و بیروبۆچونی بەشێک لە مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەشێکی تریش لەمێژوو نووسە بیانیەکان لەبارەی باوەڕ و فشارەکانی سەرئەم ئاینە و شرۆڤەی جیاوازی ئەوان بخەینەڕوو.

جگە لە دەروازە، پوختەیەک دەربارەی باوڕی ئێزدی دەخەینەڕوو، لە ناوەڕۆکی توێژینەوە لەسەر دوو تەوەرە گەنگەشە دەکەین، لە تەوەری یەکەم باوڕی ئێزدی لەنێوان شەرفخان و سەرچاوە ئیسلامیەکان بەراورد دەکەین و تیشک دەخەینە سەر کۆی بۆچوونە جیاوازەکان، لەتەوەری دووەمدا، تێڕوانینی جیاوازی شەرفخان و سەرچاوە بیانییەکان بۆ باوڕی ئێزدیی دەخەینە بەر باس، لەکۆتایشدا مێژوو زۆر جار لەسەر بنەمای نادروست بەبێ شارەزایی بۆ کۆمەڵگا و ئاین و کاریگەرییەکانیان لەلایەن مێژوو ناسان بەسەر زەینی مێژووی ئێمە کراوەتە بار و واقیع کە زۆرێک لە نوخبە و مێژوو نووسانی پایە بەرزی کوردیش کەوتونەتە ژێر ئەم حوکمە.

**وشە کلیل: ئێزدی- مێژوو- باوڕ- کورد-عەدی کوڕی مسافری**

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمی زانستییە بە ناونیشانی (باوڕی ئێزیدی لە ڕوانگەی شەرەفخان و سەرچاوە نا کوردییەکان، هەڵبەتە بابەتێکی زیندووە، گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا، بەجۆرێک بیر و باوەڕی ئێزیدی مۆرک و شوناسێکی کوردی پێوەیە، کورد و ئاینی ئێزدی و بیروباوەڕەکەی دوانەیەکی بەیەکەوە بەستراون و لەیەک جیا ناکرێنەوە.

ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وا گرنگ بکەین، بە تایبەتی لە بارەی شەرەفخان کە لە بارەی پرسێکی گرنگ دەنوسێت، ئەویش باوڕی یەکێک لە دانیشتوانە ڕەسەن و کۆنەکانی کوردستانن، کە بە باوڕەکەیان لە کۆمەڵگای کوردی جیابونەتەوە، ئەوانیش ئێزیدیەکانن، مەبەستیشمان لە جیبوونەوە ئەوەیە کە ئەوان پەیڕەوی لە بیر و باوڕێکی جیاواز لە نەتەوەکانی دەوروبەریان دەکەن، کە تا ڕادەیەک نامۆیە بە کۆمەڵگای کورد.

**گرنگی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە** لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەمیشە مشت و مڕێکی زۆر لەنێوان مێژوو نووسە کوردەکان خۆیان هەیە، هەتا بیانیەکانیش کە مشت و مڕەکان زۆر وردن و جێگای تێڕامانن، هەتا لە هەندێک لە سەرچاوە نا کوردی و ئیسلامیەکانیش ئەم جیاوازییە لە

مشت و مڕ لە سەر ئێزیدیەکان بەدی دەکرێت، بۆیە شەرەفخان لەسەر ئەو بۆچوون و تێڕوانینە هەژمار دەکرێت کە پێی وایە ئێزدییەکان تەریقەتێکی سۆفیگەرینە و لە سەردەمی شێخ عادی سەریان هەڵداوە، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر لە مێژوونووسانی نا کوردی و نوێ ، کە کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەشێکی زۆرن ئەوانەی پێیان وایە کە ئێزیدیەت ئاینێکی سەربەخۆیە و لە پێش ئیسلام و هاتنی ئاینی ئیسلامدا بونیان هەبووە، بۆیە ئێمە هاتووین زۆر بە وردی لەسەر ئەم بابەتە دواوین، بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوومان لە بیر و بۆچوون و ڕای هەردوو لایەن ئاگادار بکەینەوە و ئەو بۆشاییانەش بە سەرچاوەی زانستی و بەڵگەی مێژوویی پڕ بکەینەوە کە لە بارەی ئەو بیر و باوەڕەوە لە بارەی کورد بڵاو بوونەتەوە.

سەبارەت بە پرسیارەکانی توێژینەوە، لە ئەنجامی خوێندنەوەمان لەسەر بیر و باوڕی ئێزدەت و گەڕان بەناو چەندین سەرچاوەی نا کوردی و زانستی قوڵبونەوە تیایاندا، هەستمان بە بونی بۆشاییەک کرد لەسەر بیر و باوڕی ئێزدی لەناو مێژووی کوردی پەیوەست بە بیر و باوڕی ئێزیدی، کە هێشتا جێگای گفتوگۆ و مشت و مڕە هەتا لە نێوان هەندێک لە مێژوو نووسانی کورد و نا کوردی و بیانیش، بۆیەش لە ئەنجامی ئەو گەڕان و بەدوا داچونانەمان چەند پرسیارێکمان لەلا گەڵاڵە بوو، بەتایبەت لەسەر ئەوەی ئایا بیر و باوڕی ئێزیدی بۆ دروست بووە؟، بە جۆرێک کە، ئایا بۆچی ئەم بیر و ڕا جیاوازییە لە بیروباوڕی ئێزیدی بەم شێوەیە ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە؟ ئایا ئاڵۆزی ئاینی ئێزدی و نامۆیی ئاینی ئێزدی خۆی لەخۆیدا هۆکارێک بووە بۆ دروستبوونی ئەم بیروڕا جیاوازە؟ یان مەبەستێکی تر لەدوای ئەم پرسیار و مەبەستانە خۆی شاردۆتەوە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین گومانی تر دەستمان کرد بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەی کە لەبەر دەستتان دایە.
هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی سەرەوەئەوەیە کە، وەک ئاشکرایە مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ئێزیدیەت بەتایبەتی لێرە و لەوێ مێژوونووسان کەم و زۆر لەسەریان نوسیوە، بەڵام نەهاتوون بەراوردی بیروبۆچوونەکانی مێژوونووسە کوردەکان وەک نموونەی شەرەفخانی بەدلیسی بەراورد بە بیروبۆچونی مێژوونوسە ناکوردییەکان و بیانیەکان بەیەکەوە بکەن و بگەن بە ئەنجامێکی گشتگیر لەسەر بۆچوونی هەردوو بەرە لەسەر بیروڕا و ئایدۆلۆژیای ئێزیدیەت لە ناوچەکەدا، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم ڕێگایە و بەم ئاراستەیەدا بڕوات.

**ئەم توێژینەوەیە لەڕووی ڕێبازەوە،** توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە و پشت بە میتۆدی شیکردنەوە و بەدواداچوون و بەراوردکردنی زانیارییەکان بەستراوە.

**مەبەستی توێژینەوە،** گرنگی زانینی بیروڕای شەرەفخانی بەدلیسی. لەسەر بیروباوەڕی ئێزیدی و بەراوردکردنی ئەم بیروڕایانەی شەرەفخان بە بۆچوونەکانی مێژوونووسە ناکوردیەکان و بیانیەکان و بەراوردکردنی هەردوو بۆچونەکان و دەرکەوتنی چەند ڕاستیەک لەم بارەیەوە لە چوارچێوەی بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی زانستیدا مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەیە سەرەڕای ئەوەش بتوانین لەم ڕووەوە خزمەتێک بە پەرتوکخانەی مێژووی کورد بکەین.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**کێشـەی تـوێژینەوە،** بەهـۆی ئەوەی زۆر بەکەمی و بە پەرش و بـڵاوی لە نـاو چەنـد دێـرێکی لاپەڕەکانی پەرتووکی مێژوونووسە بیانی و ناکوردیانە ئاماژە بە بیر و بۆچوونی ئێزیدیەت کراوە، بـۆیە ئاسان نەبـوو بیان دۆزینەوە و دیارییان بکەیـن، بـۆیە کاتێکی زۆری دەویست بـۆئەوەی دەستمان پێی بگات.

**توێژینەوەکانی پێشـوتر** توێژینەوە یان پەرتووک لەسەر بابەتی نزیک لە توێژینەوەی ئێمە یان هەمان بابەتی ئێمە، کە باس لە باوڕی ئێزدی لەڕوانگەی شەرفخان و سەرچاوە نا کوردییەکان بکات یان کەمە یان هەر نییە، بەڵام ئێمە لەم لایەنەوە توانیومانە سوود لە دوو توێژینەوەی نزیـک لە بابەتەکەمـان وەرگـرین کە تـا ڕادەیەک زانیـاری باشـیان تێـدایە و پـڕژاونەتە سـەر بیروباوەڕی ئێزیدی کە بە نووسەری بیانی هەژمار دەکردێن، لەوانە نووسەر، ئەنستاس ماری کەرملی، (٢٠١٢), لە پەرتووکەکەیدا بەناوەی (کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان جیلوە و مەسحەفا ڕەش، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراز، هەولێر) و پەرتووکی نووسەر مەیجەر سۆن، ئی.بی.سۆن(٢٠١٨)، پەرتووکی (گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لەبەرگی نادیاردا، و: مینە، چاپی یەکەم ، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی).
**پێکهـاتەی توێژینەوەکەمـان** بـریتییە لە دەروازەیەک و دوو تەوەرەی سـەرەکی، لە **دەروازەدا** باس لە پوختەیەک دەربارەی ئاین باوڕی ئێزدی دەکەین و لە تەوەری یەکەمدا باوڕی ئێزدی لەنێوان شەرفخان و سەرچاوە ئیسلامیەکاندەخەینە ڕوو، لە کۆتا تەوەرە کە تەوەری دووەمە، تێڕوانینی جیاوازی شەرفخان و سەرچاوە بیانییەکان بۆ باوڕی ئێزدیی دەخەینە بەرباس، ئەمە و جـگە لەوە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوە و لیسـتی سـەرچاوە ڕەسـەن و لاوەکیەکـان پێکهـاتەی توێژینەوەکەمان لەخۆدەگرن.

**دەرواز : پوختەیەک دەربارەی ئاین باوڕی ئێزدی**

ئاین و باوەڕەکان بەگشتی کۆمەڵێک بیروباوڕ و پەرستشـن، کە پە یوەسـتن بـە شـتە پیروز و موقەدەسەکانەوە، بەشێوەیەك ئەوکۆمەڵە بیروباوڕ و پەرستشە، هەموویان لەدەوری ئەم ئاینە کۆ دەکەتەوە و دواجار دەمارگیریەتی توند لەسەر باوڕەکانیان بنیاد دەنێت و لەناو ڕەگەکانی مێژوو خۆی دادەکوتێ و دەبێتە بنەما و بنیادی هزری و فکری ئەم کۆمەڵە، دواجار بە میرات بۆنەوەکانیان بەجێدەهێلرێ، ئەوەش کاریگەری زۆری دەبێت لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگاکە، مرۆڤە پەیرەوکارەکان زۆرجار تا بەخشینی گیان و لێواری مەرگیش ئامادەن پەیرەوی لەم باوڕە بکەن و باجی گرانیشی لە پێناو بدەن، چونکە دەبن بە هۆی تورەیی ئەقلەکانیش (ابن الجوزي، ١٩٩٣: ٩٣ ؛النشار، ٢٠٠٩ :٢٥)، چونکە باوڕەکان و ئایین بریتیە لە هە ست وسوز و کردەوە و ئەزموونی مرۆڤەکان لە کاتی گوشە گیریدا، کاتێک هەست بە پەیوەندی دەکەن لەگەل شتیکدا، کە بەخودا هەژماری دەکەن (هیک، ٢٠١٠: ٤)

بۆیە ئەو بۆچوونەی لەبارەی باوڕی ئێزدی هەیە، بەوردی هەندێکیان وەکو بیروباوڕێکی ئاینی کۆن گەڕاندۆتەوە بۆ سەرەتا و دەسپێکی مێژوو، هاوتاکردنیان لەگەڵ کۆمەڵێک بیروبۆچوونی تـری ئـاینی کـۆن لەنێـوان گەلانی نـاوچەکە، ڕوانـگەی ئەم بۆچـونە دەخەنە پـێش چـاو کە

بۆچوونەکان گفتوگۆ و مشتومڕی نوێ هەڵدەگرێت، (نیکیتین، ١٩٥٨: ٢٠٣؛ مینۆڕسکی، ١٩٨٣، :١١٣ )، بۆچون هەیە مێژووی ئەم بیروباوڕە مێژوویێکی کۆنترە لە مێژووی ئیسلام، ئەم بیرکردنەوەیەش ئەگەر بێت و لە ڕوانگەیەکی زانستی و مێژوویی سەیر بکەین، دەکرێت خوێندنەوە و لێکدانەوەی نوێ هەڵبگریت، بەو پێیەی خودای خۆی لە شوێن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ئاینە لەنێوان سەدەی١١-١٢زاینی گەشە و نەشونمای کردووە، بڕواکەشیان خودایەک بە هاوکاری حەفت فریشتە کاروبارەکان جێبەجێ دەکات، (نیکیتین،١٩٥٨ : ٢٠٥)، هەر ئەو بەتەنها خاوەنی ئەم بۆچوونە نییە، بەڵکو ژمارەیەکی تریش لەمێژوو نووسان هەمان بڕوایان هەیە، جەختیش لەوە دەکەنەوە بیرۆکەکەی لە زۆر کۆنەوە هەبووە، پەیوەندیش لەگەل کۆمەلێک بیروباوڕانەی لەناوچەکەدا هەبوون هەیە(زەکی بەگ، ١٩٣١: ٢٨٢؛ ١١؛ برونسن، ١٩٩٩: ١/ ٦١-٦٢؛ پیربال، ٢٠١١: ٢٨ ؛گەوهەریی، ٢٠١٦).

لەڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مێژوویی لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست باسی گروپێکی ئاینی جیاواز لەو ناوچەیە ناکەن، هەرچەندە بەوردی تێشک دەخەنە سەر مێژووی هەمەلایەنەی ئەم شوێنەوە)، (الدملوجي, ١٩٤٩: ٢٣٨؛ البلاذري، ١٩٥٧: ٢٣٤-٢٤٥؛ الدينوري، ١٩٦٠: ١٥٤؛ ابن حوقل، ١٩٦٣: ١٩٥؛ اليعقوبي،١٩٧٠:٢/ ٤٨٣؛ ابن خياط، ١٩٨٦: ٢/ ٧٢١-٧٢٤

ئەو ناوچەیەی ئەو بیرو باوڕەی تێدا بڵاو بۆتەوە، هەرچەندە وەکو باسمانکرد ناوچەیەکە زۆر لە سەرچاوە ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ناوی هاتووە، بەڵام هەرگیز ناوچەیەک نەبووە کە لەسەر بنەمای ئاین و بڕوایەکی کۆن لە نێو لاپەڕەکانی مێژووە تۆمار کراوەکانیان جێگایان بۆ کردبێتەوە، هەر ئەوەش نا، بەڵکو ئەم ناوچەیە زۆر جار خەواریجەکانی دژبەرانی ناوەند وەکو مۆڵگە دژی دەسەڵاتی ناوەندی بەکاریان ئەهێنا، بەڵام ئاماژەیەک بە بوونی هیچ گروپێکی ئاینی جیاواز نەکراوە( الأذدي، ١٩٦٧، ٢٦٧؛ السامرائي، ١٩٧٠، ٢١١)

ئەم بۆچوونە لە دەسپێکی ناساندنی ئەم ئاینە لە ڕوانگەی مینۆڕۆسکی ڕوونبێتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاینی و بڕوایەکی کۆنە (مینۆڕسیکی،١٩٨٣ : ١١٣) لەڕوانگەی نکیتین پێی وایە بە پیرۆزکردنی شەیتان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەی زانینی، ئەگەرچی ئێزدییەکانیش گەڕاندوەتیانەوە بۆ سەردەمی شێخ عەدی سەدەی٦ك/ ١٢ز (نیکیتین،١٩٥٨ ، ٢٠٦)، سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی زانیاری ورد و گرنگیان لەبارەی دەرکەوتنی ئەم ئاینە تێدایە، کە تاکو سەرەتای دەرکەوتنیشی. هیچ ئاماژەیەک بۆ ناوی ئەوان نیە، بەڵام گۆڕان لەم ڕێچکەی سۆفیگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەدی دووەم، کە هاو سەردەمی ڕووداوەکانی بەدرەدین لۆلۆ شیعەی دەسەڵاتداری شاری موسلە، لەم بارەیەوە ئاماژە هەیە نیکیتین یش پی وایە کۆمەلێک بیروباوڕی ئێرانین و تێکەلێک لە بیروباوڕی ئیسلام و پەرەیان پێداوە ئەم شێوەیەی لێ بەرهەم هاتووە، لەسەرەتاوە موسلمانن، بەڵام نیکیتن ئەوە دوویات دەکاتەوە ئەوە تێگەیشتین، ئنستاس مارییە کە پێی وایە ئەوباوڕە هەبووە لەناو

کوردەکان پێش شێخ عەدیی کۆمەڵێک باوڕبوون ئاینی بوون نەرەیتەکان جێ بەجێیان کردوون، هیچ کاریگەری و پەرە پێدانێک لەم ئاینە ڕووینەداوە، پەیوەندی بە ئیسلام وەنیە( نیکیتین، ١٩٥٨، ٢٠٦-٢٠٧)کە لە سەردەمی شێخ حسن شت گەلێکی بێ بنەما دەرکەوتن، کە پەیرەوی لێدەکەن و پەرەی پێدەدەن و بلاویش دەکەنەوە، ئەمەش هەڵگرانەوەیەکە و خۆدزینەوەیە لە خودی شێخ عەدی، ئەو زیادکراوە داهێنراوانەش پێچەوانەی لەگەڵ شێخ عەدي گەورە( ابن تيمية،١٩٨٧ : ١/ ٣٠٥؛ الذهبي، ١٩٩٣ :١٤٧/٤٧) نیکیتن هۆی هەڵگڕانەوەی ئێزدییەکان و دروستبوونی ئەم ئاینە گێڕانەوەی شەیتان بۆ مقامی ڕابردووی پێی وایە ژمارەیەکی زۆری سۆفیە گەورەکانی جیهانی ئیسلامی لە سەر ئەم پرسەی کە شەیتان نەیویستیوە کڕنوش بۆ هیچ ئافرێنراوەیێک ببات، جگە لە ئافرێنەرەکەیان کە خودایە (نیکیتین، ١٩٥٨: ٢٠٥-٢٠٦)

ئێزدییهکان ناوی شەیتان پەرستیان ناو دەبردن و ئەوەش ڕێگای خۆش دەکرد بۆ هەموو دەست درێژییەک بەپاڵنەری ئاینی کە فەزای ئالێنگاری کەلتووری چەند هێندە قورستر دەکرد(ماری، ٢٠١٢ :١٥)، ئەم بیروباوڕە لەو شوێنانەی کە کورد ژیاوە ئەم باوڕەیان لەناودا هەیە لەعێراق، تورکیا، سوریا و ئێران ڕووبەڕووی هەمان ئەو بارە بوونەتەوە، کە کورد وەکو نەتەوەیەک توشی بووە، تەنانەت لەم شوێنانەی ئێزدییەکان لێی نیشتەجێبوون شوێنێکی تایبەت بەپەرستنەکانیان نەبووە، بۆیە لەکونجێکی ماڵەکانیان شوێنی پەرستنەکان دروست دەکەن، ( Ammann, 200: 263-270).

لە ئەنجامدا ئێزدییەکان بوونە یەکێک  لە گرووپە هەڵە تێگەیشتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە 'شەیتانپەرستانی کوردستان' یان بروانامۆکان ئەژمار دەرکران، لەناو نەوەی دواییدا هەنگاوێک بەرەو لێکۆڵینەوەیەکی تەواوتر لەخودیی ئێزدییەکانەوە هەبووە بۆگەیاندنی حەقیقەتی خۆیان لەناو واقیعی خۆیان ئەوان سەرلەنوێ پێناسەی خۆیان داڕێشتەوە لەسەر ئەو باوڕەی ئەوان هەیان بوو، هەموو ئەوانش جەخت لە ئالێنگاریەکی بەهێزی کەلتووری لەمێژووی ئەوان دەخاتەڕوو( Allison, 2001: 3 )

بەریەک کەوتن و پێکدادانی باوڕە جیاوازەکان هۆکارێکی ئاینی لە پشتبووە، بەتایبەتی ئەو دەقە ئاینیانەی تێکگیرانیان هەبوو لەگەل ئاینەکانی دەوربەریان(کەرمەلی، ٢٠١٢ :١٠٢)، ئێزدییەکان دابەزینیان بەخۆوە بینی، ئێزدیەت هەرگیز نەبووەتە ئایینێکی نێودەوڵەتی و هەڵکەوتە ناسکی خاکییەکەی ڕێگەی نەداوە گەشەکردن و فراوانبوون لە ئارامیدا. ئەمە ناوچەیەکی نایەکسان بووکە جۆراوجۆری ئایینی و نەتەوەیی و... گروپە زمانەوانییەکان شان بە شانی یەکتر دەژیا،( Anatolica xxv, 2012 : 147-148).

هەمیشەش باوڕەکان و هوکارە کۆمەڵاتی و ژینگەیی و ڕوشنبیریانەی بونیاتی دە نیت (محمد، ١٩٨٩:٢٥ )، ئەو باوڕانەش لە لایەنی هزری و سۆزدارییەوە بەرهەمهاتوون بۆ.

مامەلەکردن لەگەڵ لایەنە ترسناکەکانی ژیان و ترسەکانی ناو بوونی مرۆڤ کە کۆنترۆڵ ناکرێن (Tremmel) W.C. Religion, 1976: 7

باوەڕەکان لە کێشە و پێویستیەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرن، مرۆڤ ئاراستە دەکەن دواجار بەتێپەڕبوونی کات دەبن بە ئاین و ئاینزایەک نەوە لەدوای نەوە پەیڕەوی لێدەکەن. Yinger (JM) 1970: 7

کاتێک باوڕێک دەگاتە قۆناغی ڕوحانیەت ئیدی پەیڕەوانی ئەم باوڕانە و ئەم ئاینانە پایە ڕوحنایەکانیان تێدا بەرجەستە دەبێت، بەدوای خودێکی باڵاتر و بەم شێوەیە کەلتورە باورییەکان زیاتر گەشەدەکەن دەبن بە سیستەمێکی باوڕی دامەزراو ڕەنگدانەوەشی لە ڕێوڕسم و بۆنەکان و خواردن و سروتە ئاینیەکانیان بەدیار دەکەوێت، دەبێتە بنەمایەکی ئەزموونی و گونجاو و تێکەل بە هەست و سۆز دەبێت، ( 30 :SM , 2006 ؛ Yoon, 2009:147)

**تەوەری یەکەم :باوڕی ئێزدی لەنێوان شەرفخان و سەرچاوە ئیسلامیەکان**

مێژوو خۆی ڕاستیەکە و ڕاستی مێژوویش هەوڵدانێکە لە بارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، مێژوو لە ڕوالەت دەنگوباسی ڕوژگاری گەل و دەولەتانە، بەلام لە ناوەڕۆک لێکۆلینە وە و حیکمەتێکی دیرینە، هۆکارێکی گرنگی گەیشتن بە ناوەند ئاگاییە بە ئە زموون و مێژووی خە لکانی رابردوو(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ١٧٩/١)، زانیاری زۆر لە بارەی مێژووی دروست بوون و سەرهەلدان و دەرکەوتنی ئێزدی هەیە، ناکۆکی قولیش لەنێوان سەرچاوەکاندا هەیە، سەبارەت بە سەرچاوە ئیسلامیەکان زۆر ڕایان خستۆتە ڕوو، بەلام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پێش شێخ عدی شتێک بوونی نەبووە بەناوی ئاینی جیاواز، تەنانەت لە سەردەمی عەدیش بەم شێوەیە نەبووە، سەبارەت بە ڕەچەلەکی باس دەکەن، عدی کوڕی مسافری کوڕی ئیسماعیلی کوڕی موسای کوڕی مەڕوانی هەکاری، هاو سەردەمی گەورە پیاوانی ئیسلامی وەک (عبدالقادر گەیلانی)بووە، کە پەیوەندیشیان لەنێواندا هەبووە(ابن تعربردي، :٥/ ٣٧٢)، ڕەچەلەکی بۆ کورد گەڕاوەتەوە(المستوفي، ١٩٨٠ : ١/ ١١٤)و ڕای واش هەیە کە ڕەچەلەکیان گەڕابیتەوە بۆ بنەماڵەی مەڕوانی(عدی کوڕی موسافری کوڕی ئیسماعیلی کوڕی مەڕوانی کوڕی ئەحمەد کوڕی مەڕوان)(ابن تیمیة، ١٣٨١ :١١/ ١٠٣).

بەشێکی تری ڕایەکان پێیان وایە و ڕەچەلکی(عدی کوڕی مسافیر)یان گەڕاندۆتەوە سەر بنەمالەی ئومەوی، کەپێیان وایە بەهۆی هەبوونی پاشماوەی مەڕوان بەناوی باپیرانایان بەواتای ئەوە دێت کە ڕەچەلکیان دەگەڕێتەوە سەر( مەڕوان کوڕی حەکەم)خەلیفەی چوارەمی بنەماڵەی ئومەوی( ابن التادفي، د .س: ٨٥؛ الدملوجي، ١٩٤٩ :٥٢؛ ابن تيمية، ١٩٨٧, ١ /٣٧- ٣٨) کۆنترین ئاماژەیەک بۆ پەیڕوانی لایەنگرانی کە گەڕاندویانەتەوە سەر کە سایەتیەک بەناوی ( یزیدی کوڕی ئەنیسە)، (الشهرستاني، ٢٠٠٧، ١٣٢ : ٢)، بەلام لە سەردەمی زووی ئیسلام هەرگیز لەهیچ سەرچاوەیەک بە زەقی بۆ هەبوونی ئاین و پەیڕەوانێکی

جودا ناكەن، بەتایبەتی گەڕیدە ئیسلامیەكان لەسەدەكانی ناوەڕاست، ئەم ناوچەیەش هێندە دابڕاو لەكەناری ڕووداوەكان نەبووە، بەلكو زۆربەی كات چەق ڕووداو و ململانێ مێژووییەكان بووە(البلاذري، ١٩٥٧: ٢٣٤-٢٤٥؛ الدينوري، ١٩٦٠:١٥٤؛ ابن حوقل، ١٩٦٣: ١٩٥؛ الأذدي، ١٩٦٧: ٢٦٧ ؛اليعقوبي،١٩٧٠: ٢/ ٤٨٣؛ ابن خياط، ١٩٨٦: ٢/ ٧٢١-٧٢٤)

ياقوت الحموى كە نزیكی سەردەمی شێخ عەدی كە پیرۆزترین پیاوی پەیڕەوانی ئاینی ئێزدییە، تەنانەت ناوی لالشیشی هێناوە، ناوی شێخ عەدی بە شێخی كوردان هێناوە، بەڵام ئاماژەیەك بۆ هەبوونی گروپێكی ئاینی ناكەت، لەباسی شاری سنجاریش ئاماژەیەك بۆ هەبوونی گروپێكی جیاواز ناكات، تەنانەت ناوی چەندكەسێكی ناوداری ئەو سەردەمەش بەئەهلی زانست دەبات، مەزهەبی شافعیش وەسفی یەكێلیان دەكات(الحموي، ١٩٧٧، ٥/ ٢٨؛ ١٩٧٧: ٣/ ٢٦٣)

بیرو بۆچوونی شەرفخان لەبارەی ڕەچەڵەك و ڕەگ و ڕیشە ونەژادی بنەماڵەی عدی كوڕی مسافیر هەتا ڕادەیەك لەگەل ڕای دووەم هاوڕایە، ڕەچەلەكی عدی كوڕی مسافیری گەڕاندۆتەوە سەر بنەماڵەی پاشایانەی مەڕوانی پێی وایە شێخ عدی لەم خانەدانەی كورد هەلكەوتووە، دەلێت:(شێخ عەدی كوڕی مسافیرن ؛ كە ئەویش سەر بە پاشاكانی زنجیرەی مەڕوانی بووە) (شەرفخان، ٢٠٠٦: ٢٣)، ئەو ناوچەیەی تەریقەتی سۆفیگەری شێخ عدی تێیدا دەركەوتووە، ناوچەیەك بووە ناوچەی گەرمی ڕووداوەكان زۆر جار چەق ڕووداو و پێشهاتەكان بووە، لای شەرەفخان و لای سەرچاوەكانی تری ئیسلامی شتەك نیە بەناوی باوڕێكی لە عدی كۆنتر لەم ناوچەیە، چونكە ئەو ناوچەیەی ئەو بیرو باوڕەی تێدا بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە وەكو باسمانكرد ناوچەیەكە زۆر لەسەرچاوە ئیسلامییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست ناوی هاتووە، بەڵام هەرگیز ناوچەیەك نەبووە كە لەسەر بنەمای ئاین و بڕوایەكی كۆن لە نێو لاپەڕەكانی مێژووە تۆماركراوەكانیان جێگایان بۆ كردبێتەوە، هەر ئەوەش نا، بەلكو ئەم ناوچەیە زۆر جار خەواریجەكانی دژبەرانی ناوەند وەكو مۆلگە دژی دەسەڵاتی ناوەندی بەكاریان دەهێنا، بەڵام ئاماژەیەك بەبوونی هیچ گروپێكی ئاینی جیاواز نەكراوە( الأذدي، ١٩٦٧: ٢٦٧؛ السامرائي، ١٩٧٠: ٢١١؛ شەرف خان، ٢٠٠٦: ٢٣).

ئەگەر سەرنج بدەینە سەرچاوەیەكی مێژوویی هاو سەردەمی ڕووداوی ئەم قۆناغە، ئاماژە بۆ گروپێكی ئاینی جیاواز ناكرێت، لەسەر بنەمای جیاوازی ئاینی سەرەدەری و هەڵس وكەوتیان لەگەل نەكراوە، بەڵكو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەكرێت داوای یارمەتی و هاوكارییان لێدەكرێت نەوەك داوای (جزیە)، بەگوێرەی بنەما شەرعیەكانی ئیسلام، ئەوەش سەلێمێنەری ئەو ڕاستیانەیە وەكو ابن الفوطى، لەباسی ڕووداوەكانی ساڵی( ٦٥٢ك/ ١٢٥٤ز)ئاماژەی بۆكردووە كە بەدردەین لۆلۆی سەرداری موسل ئارێشەی زۆری بۆ شێخ حەسن و هاوڕێكانی و موریدەكانی (شێخ عادي بن مسافر)، بۆ درووست كردوون و تەنگی پێ هەلچنیون، جەنگی لەگەل كردوون و داوای هاوكاری لێكردوون، زۆر بەدژواری مامەلەی لەگەل كردوون، دوای ئەو یارمەتیەشی داواكاری زۆر بوون لە نەوەكانی شێخ عادی، بۆیە بەهێز سەرەدەری لەگەل كردوون و هێزی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نارده سەریان و زۆر بە بەهێزی مامەڵەی لەگەڵ کردوون و ژمارەیەکی زۆر لێ کوشتن، کوشت و کوشتارەکە ئەوندە زۆر بوو لە کوشتارگە دەچوو، کوردە عەدەویەکان زۆر بەخراپی شکان و ژمارەیەکی زۆر بەدیل گیران و ژمارەیەکی زۆریش لەسەرکردەکانیان بە دەروازەی شاری موسل هەلواسران، زیانیان بە مەزارگەی شێخ عەدیش گەیاند، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بۆ هەبوونی بیروباوڕێکی جیاوازی ئاین نەکراوە( الصفدي، ٢٠٠٠: ٦٣/١٢؛ ابن الفوطي، ٢٠٠٢: ٢٠٩).

ئەم کوشت وکوشتارەی بەدرالدین لؤلؤ، پارچە پارچەکردنی شێخەکەیان و هەڵواسینی لە دەروازەی موسڵ و سوتاندنی هێسک و پروسی شێخ عدی کوڕی مسافری، کاریگەری زۆر بەقولی لەسەر ژیان و بیردکردنەوە و تێڕوانین و دونیابینیان درووست بوو، گۆشەگیر باڵی بە سەردا کێشاون(الغساني، ١٩٧٥: ٦٠١)، بەگوێرەی ئەم ڕووداوانە و ئەو بەڵگانەبێت، ئەگەر لە وتەی شەرفخان ورد بینەوە، تێدەگەین و مەبەستی شەرفخان بەڕوونی دەردەکەوێت، کەواباوەڕی ئێزدییەکان هەلبەستراوە هاتۆتە نێو ئەم باوڕەی لایەنگرانی شێخ عادی بەتایبەتی دوای نەمانی باوڕی شێخ عدی (شەرفخان، ٢٠٠٦: ٢٣)

کەسانی گەریدە و شوێنزانی ئیسلامی زانیاری وردیان لەسەر ناوچەکە تۆماکردووە کەزۆر نزیک و هاو قۆناغی شێخ عادی یان نزیکی قۆناغەکە بوون، تەنانەت ناوی لالشیشی- هێناوە، ناوی شێخ عەدی بە شێخی کوردان هێناوە، بەڵام ئاماژەیەک بۆ هەبوونی گروپێکی ئاینی ناکات، لەباسی شاری سنجاریش ئاماژەیەک بۆ هەبوونی گروپێکی جیاواز ناکات، تەنانەت ناوی چەند کەسێکی ناوداری ئەو سەردەمەش بەئەهلی زانست دەبات، مەزهەبی شافعیش وەسفی یەکێکیان دەکات(الحموي، ١٩٧٧: ٣/ ٢٦٣، ٥/ ٢٨).

سەرچاوە ئیسلامیەکان لەسەردەمی شێخ عادی کوڕی مسافری تەنانەت (شێخ ابو بەرکاتی) برازای شێخ عەدی جێنشینی لەسەر چاو ئیسلامیەکان بە پیاوێکی زۆر پەیوەست و لەخواترس باسکراوە( التادفي، د.ت : ١١٩ ).

شێخ عەدی دووەمیش کە کوڕی شێخ بەرەکات بوو، بەیەکێک لە پیاوچاک و سۆفیەکانی سەردەمی خۆی ناوی هاتووە، (التادفي، د.ت: ١١٩)لە سەردەمی شێخ حەسن شت گەلێکی بێ بنەما دەرکەوتن، کە پەیڕەوی لێدەکەن و پەرەی پێدەدەن و بڵاویش دەکەنەوە، ئەمەش هەڵگڕانەوەیەکە و خۆ دزینەوەیە لە خودی شێخ عەدی، ئەو زیادکراوە داهێنراوانەش پێچەوانەی لەگەڵ شێخ عەدي گەورە ( ابن تيمية، د. ت، ١/ ٣٠٥؛ الـذهبي، ١٩٩٣ : ٢٤٧/٤٧)و شەرەفخانیش پێی وایە گۆڕنکاری لەهزر و باوڕی لایەنگیری عدەویەکانی ڕویداوە، بەڵام ئەو تێڕوانینەی شەرەفخان هەیەتی تاڕادەیەکی زۆر لە سەرچاوە ئیسلامیەکان جیاوازە، چونکە سەرچاوە ئیسلامیەکان بانگەشەی گۆڕان لە هزریان لەسەردەمی شێخ حسن دەکەن، بەڵام شەرەفخان پێی وایە ئێزدیەکان لایان وایە شێخ عدی هەموو پەرستشە ئاینیەکانی لە

ئەستۆ گرتووە، واتا ئەو بۆتە هەلگری باری تاوان و ئەرکە ئاینیەکانیان، ئەم تێڕوانینە تاڕادیەکی زۆر لەو بیروباوڕی پەیڕەوانی ئەمە سەرچاوەیان گرتووە( شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٣)

لایەنگری زۆریان لەدەروی خۆیان کۆ کردوە، کۆمەلێک زیادەیان زیاد کرد، بەکەم کردنەوەی ئەو ئەرکانەی لە ئیسلام لەسەریان دانراوە، ژمارەیەکی زۆری دەوروبەری موسل چونە سەرم ئەم باوڕە(العزاوي، ١٩٣٥ : ٨١، ٨٣)، سەرچاوە ئیسلامیەکان جەخت لەوە دکەنەوە کە شێخ عدی کەسێکی زاهید بووە، لەماوەیەکی کورتدا خەلکێکی زۆری لەدەورە کۆبۆتەوە، مریدی زۆری بۆ پەیدابوون، موریدکانشی- بەزۆری کوردبوون، خۆشی سەرچاوەی لەخواترسان و تەقوا و زوهد بووە، بەشێخی کوردان ناسراوو بووە، شەرەفخانیش ئەم قسەیە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر هۆزی بونەتە موریدی شێخ عدی، بۆ خوێندن سەردانی شام و بەغدایان کردووە(ابن خلكان، ١٩٧٧، ٣/ ٣٥٤؛ الحموي، ١٩٧٧: ٥/ ٢٨؛ الذهبي، ١٤١٣: ٢٠/ ٣٤٢؛ شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٣)

سالی لەدایک بوونی شێخ عدی ڕوون نیە، بەلام ئاماژە بەوە کرێت کە زیاد لە نەوەد سال ژیاوە لە سالی (٥٥٧ک / ١١٦٢ز)، کۆچی دوای کردووە ،لە لەلاش بەخاک ئەسپەردەکراوە( ابن خلكان، ١٩٧٧: ٣/ ٣٥٤)، شێخ عەدی ماوەی چوار سال لەگەل کۆمەلێک لە پیاوانی زانستخواز و تەسەوف لە لای (شێخ عبدالقادر گەیلان) لەبغداد دەمێنێتەوە(التادفي، د.ت : ٨٥)

دواتریش، هەموو لایەنی زانستە شەرعییەکان لەبەرگێکی تەسەوفی هەولێ جێبەجێکردنی دەبێت، هەرگیز لە ڕێگایەکەی دەرنەچووە، ڕێگای بانگخوازی و بلاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام لەسەر مەزهەبی شافعی(ابن تیمیە، د. د.ت: ١/ ٢٨٠؛ الدملوجي، ١٩٤٩: ٥٧)، ژمارەیەکی زۆری قوتابیش هەبوون کە سەر لەسەر دەستی ئەم پیاوە پێگەیشتون(التادفي، د.ت: ٨٥-٨٦)، فەریزەی حەجی بەجێهێناوە و سەردانی شامی کردووە و حەزی گەڕانی هەبووە، لە بغدا و موسل ماوەیەک ژیاوە(التادفي، د. س: ٨٩؛ الذهبي، ١٣٦٤: ٢/ ٥٢)، زانا و پیاوچاکی سەردەمی خۆیەتی لەناو ئومەتی ئیسلام( الحسيني،١٩٥٤: ١/ ١٣٦)، کاتێک شێخ عبدالقادری گەیلانی داوای ئامۆژگاری لێدەکات، ئەویش ئامۆژگاری کردووە بە پابەندبوون بە دەست گرتن بە پەرتووکی خودا و فارمایشتەکانی پێغمبەر(د.خ)(خیاط، ١٩٦٦: ٩٢-٩٣)، شەرەفخانیش پێشوتر پانتایی و کاریگەری ئەم باوڕەی ڕوونکردۆتە کەئێزیدییەکانن

هەندێک هۆز و تیرەی کورد –کەوا کەوتونە ئالی مووسڵ و شامەوە- وەک:داسنی خالتی و پەسیان و بڕێکیش لە محمودی و دونبولیەکان یەزیدین، لە دەستە و بەستەی شێخ عەدی کوڕی مسافیرن، ئەم پانتایە زۆر فراوان بوە لەناو کورد، بەلام پشت ڕاستی شتێک دەکاتەوە کە ئەویش ئەوەیە خەلکەکە لەبەر سادەی و نەزانینیان وەک پەیڕە وکارێکی ئەم ڕێگەیە بوون، نموونەی سادەشی لەو هۆزانەی هێناوەتەوە کە ئێزدی بوون و بونەتە موسلمان، بەتایبەت

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

